# توانای بڕیاردان لای بەڕێوەبەرانی باخچەی منداڵان لەشاری سلێمانی

## (توێژینەوەی وەرگیراو لە نامەی ماجستێر)

ئالان عمر قادر[1] پ.د. نیان نامق صابر[2]

1&2 بەشی باخچەی منداڵان، کۆلێجی پەروەردەی بنەڕەت، زانکۆی سلێمانی، هەرێمی کوردستانی عێراق

**پوختەی توێژینەوەکە**

بەڕێوەبردن وەك یەكێك لە هەرە گرنگترین مەرجەكانی سەركەوتن لەهەر بوارێكدا بەرەو پێشچوولەسەر بنەمای كاریگەری و توانای بەخشینی سوودی زیاتر ، پەروەردەو هەر بوارێك لە بوارەكانی دەسەڵات وخۆ جێی لەمەڕ ئەوبوارەدا لەزۆر جاردا بەهۆی كەم ئەزموونی كارگێڕیەوە جێكەوتی نەرێنی خراپی لەسەر تاك و هەڵس و كەوتی دروست دەكات.

پەروەردە وەك بەشێكی هەستیار و كاریگەری کۆمەڵگا بێبەش نەبووە لە کەم و کووڕتی وئاستەنگی بەڕێوە بردن ،لەناو پەروەردەشدا باخچەی منداڵان وەك نموونەیەک وەردەگرین تا بزانین بەڕێوەبردن بوەتە هۆی پێشکەوتن یاخود شکستی بواری پەروەردە ، ئامانجەكانی ئەم توێژینەوەیە، بریتییە لە زانینی ئاستی توانای بڕیاردان لای بەرێوەبەرانی باخچە لە شاری سلێمانیدا بە شێوەیەكی گشتی و زانینی ئاستی توانای بڕیاردان لای بەرێوەبەرانی باخچە(سامپڵی توێژینەوەکە) بەپێی گۆڕاوەکانی ( ڕەگەز (نێر و مێ) ، پەروەردە (ڕۆژهەڵات و ڕۆژئاوا) ، جۆری باخچە (حکومی و ناحکومی) ، بڕوانامە (دبلۆم - بەکالۆریۆس) ، گۆڕاوی ساڵانی خزمەت .(بۆ بەدیهێنانی ئەم ئامانجانەش توێژەر میتۆدی وەسفی بەکارهێناوە. لەبەر ئەوەی لەگەڵ ئامانج و سروشتی توێژینەوەکە گونجاوە و بەدیهێنەری ئامانجەکانی توێژینەوەی توێژەرە. کۆمەڵگەی توێژینەوەکە پێکهاتووە لەسەرجەم بەرێوەبەرانی باخچەکانی شاری سلێمانی بۆ ساڵی خوێندنی (٢٠٢٢-٢٠٢٣)، کە ژمارەیان(٨١)بەرێوەبەر. هەروەها نموونەی توێژینەوەکە پێکهاتبوو لە (٦٦)بەرێوەبەر لە ڕەگەزی نێر و مێ، کە بە شێوەی هەڕەمەکی هەڵبژێردرابوون، ئامرازی توێژینەوەکە بریتیی بوو لە فۆرمی ڕاوەرگری بۆ گۆڕاوەکانی ( توانای بڕیاردان ) لە (٣٩) بڕگە پێکهاتووە ئەوەش بە سوود وەرگرتن لە سەرچاوەکان و توێژینەوەکانی پێشوو، توێژەر پێوەرەکەی ئامادەکردبوو. لە گرنگترین ئەو ئامرازە ئامارییانەی بە کارهاتوون بریتیین لە(ناوەندی ژمێرەیی،لادانی پێوەری،هاوکۆلکەی پەیوەندی پێرسۆن، تاقیکردنەوەی (T-test) و ANOVA). لە پاش دڵنیابوون لە ڕاستی و جێگیری پێوەرەکان، جێبەجێکرا بەسەر سامپڵی توێژینەوەکەدا، کە پێکهاتبوو لە (٦٦)بەرێوەبەر لە باخچەکانی منداڵانی شاری سلێمانیدا، بەمەبەستی چارەسەری ئاماری و شیکردنەوەی داتا و زانیارییەکان، توێژەر پرۆگرامی ئاماری (spss) ی بەکارهێناوە، لە کۆتایدا توێژینەوەکە گەیشتە ئەم ئەنجامانەی لای خوارەوە :-

دەرئەنجامەکان لە کۆتایدا توێژینەوەکە گەیشتە ئەم دەرنجامانەی لای خوارەوە :- 1-ئاستی توانای بڕیاردان لای بەرێوەبەرانی باخچە بە شێوەیەکی گشتی لەئاستێکی بەرز دایە.

2- نەبوونی جیاوازی بەڵگەداری ئاماری لەئاستی توانای بڕیاردان لای بەرێوەبەرانی باخچە.

**وشە کلیل: توانای بڕیاردان، بەڕێوەبەرانی باخچەی منداڵان، سلێمانی**

مجلّة پۆلیتکنیك للعلوم الإنسانية والإجتماعية
المجلد 4، العدد 1 (2023)
أُستلم البحث في 14 فبراير 2023؛ قُبل في 22 أبريل 2023
ورقة بحث منتظمة: نُشرت في 27 مايو 2023
البريد الإلكتروني للمؤلف: alan.qadir@univsul.edu.iq
حقوق الطبع والنشر © 2023 ئالان، نیان. هذه مقالة الوصول اليها مفتوح موزعة تحت رخصة المشاع الإبداعي النسبية - CC BY-NC-ND 4.0

**بەشی یەکەم: ناساندنی توێژینەوەکە:**

**کێشەی توێژینەوەکە:**

کۆمەڵێک توێژینەوەلەوانەش لێکۆڵینەوەی (الدرویش، ١٤٣٥ کۆچی) و لێکۆڵینەوەی (الغامدی١٤٣٦، کۆچی) و ئەوانی تر، ئاماژە بەوە دەکەن کە واقیعی بڕیاردان لە دامەزراوە پەروەردەییەکان لە خوار ئاستی خوازراوەوەیە ، وەک لە ئەنجامی توێژینەوەی (الباش ،١٤٣٣ی کۆچی) و لێکۆڵینەوەی (الشبیب ،١٤٣٤ کۆچی) و لێکۆڵینەوەی (مشاعل العتیبی ،١٤٣٩ کۆچی) دەرکەوتووە کە لە نێو ئەو کێشانەی کە دامەزراوە پەروەردەییەکان بەدەستیەوە دەناڵێنن سەبارەت بە بڕیاردان بریتین لەو بارگرانییە گەورانەی کە دەخرێنە سەر شانی سەرکردە و فەرمانبەرانی ئەو دامەزراوانە، لاوازی هاندانە ماددی و ئەخلاقییەکان، ناوەندگەرایی لە هەندێک بەشی پەروەردەدا کە یارمەتیدەر نین بۆ بڕیاردان و بڕیاردان بە ئاسوودەیی، ولاوازی تەرخانکردنی دارایی کە یارمەتیدەرە لەسەر باشترکردنی کوالیتی بڕیارەکانی قوتابخانە، لاوازی بەرنامەکانی پەرەپێدان لە بواری دروستکردنی بڕیار و بڕیاردان، ترس لە هەندێک لە بەرپرسیارێتی وەرگرتن لە دروستکردنی بڕیار و بڕیاردان، و لاوازی پراکتیکی کارگێڕی پرۆسەی وەفدکردن لەلایەن هەندێک لە سەرکردەکانی دامەزراوە پەروەردەییەکانەوە. (العدوانی والعازمی،٢٠١٨: ٢٢)

ئایا توانای بڕیاردان لەباخچەکانی منداڵان لەشاری سلێمانی لە چ ئاستێکدایە ؟

**گرنگی توێژینەوەکە:**

1. خەسڵەت و ڕەفتاری سەرکەردانەیە کەئەویش خۆرسکە ڕێگە بە گوزارشتی خۆ کرد نادات تا سەر، هەوڵ دەدەین لەلایەنە باش و خراپەکانی بدوێین و گرنگیەکەی روون بکەینەوە.

2. توانای بڕیاردان یەکێکی ترە لەو لایەنە گرنگانەی کە هەوڵی تەواو ئەدەین لەتوێژینەوەکەماندا لە پێگەو کاریگەریەکانی لەسەر بواری بەڕێوەبردن بەدیار بخەین.

٣. پێویستی توێژینەوەنەوە لەباخچەی منداڵان بە ئامانجی زانینی کێشەکانی و ئەو کێشانەی کە ڕووبەڕووی دەبنەوە بەتایبەتی لە بارەی لێهاتوویی و توانای بەڕێوەبەرەکانییەوە.

٤. نەبوونی توێژینەوە بەپێی زانیاریی توێژەر، کە مامەڵەی لەگەڵ ئەم لایەنە گرنگەی کاری بەڕێوەبەرەکانی باخچە کردبێت لە بەڕێوەبەریتی و پەروەردەکاندا.

**ئامانجی توێژینەوەکە:**

ئامانجی یەکەم: زانینی ئاستی توانای بڕیاردان لای بەرێوەبەرانی باخچە لە شاری سلێمانیدا بە شێوەیەکی گشتی.

ئامانجی دووەم: زانینی ئاستی توانای بڕیاردان لای بەرێوەبەرانی باخچە(سامپڵی توێژینەوەکە) بەپێی گۆڕاوەکانی :- آ- ڕەگەز (نێر و مێ) ، ب- پەروەردە (ڕۆژهەڵات و ڕۆژئاوا) ، ج- جۆری باخچە (حکومی و ناحکومی) ، د- بڕوانامە (دبلۆم - بەکالۆریۆس) ، هـ- گۆڕاوی ساڵانی خزمەت.

**سنووری توێژینەوەکە:**

سنووری مرۆیی : بریتییە لە مامۆستایانی باخچە حکومی و ناحکومییەکانی سەر بە بەڕێوەبەرایەتی گشتی پەروەردەی شاری سلێمانی.

سنووری کات : ساڵی خوێندنی. ٢٠٢٢–٢٠٢٣

سنووری جوگرافی : باخچە حکومی و ناحکومییەکانی شاری سلێمانی لە هەردوو بەڕێوەبەرایەتی گشتی پەروەردەی (ڕۆژئاوا و ڕۆژهەڵات).

**چەمکەکانی توێژینەوەکە:**

پێناسەی توانای بڕیاردان:پرۆسەیەکی دەروونی مەعریفییە بریتییە لە هەڵبژاردنی بەدیلێک لە نێوان چەندین بەدیلدا کە دەبێتە هۆی گەیشتن بە ئامانجی مەبەست. -kahneman tversky) ،١١: ٢٠٠٠)

- توانای بڕیاردان:پرۆسەیەکی عەقڵانییە کە لە هەڵبژاردنی نێوان چەندین بەدیلدا دەگەڕێت کە تایبەتمەندیەکانیان هاوتایە لەگەڵ توانا بەردەستەکان و ئامانجە خوازراوەکان. (الصیرفی، ٢٠٠٥:١٠)

- توانای بڕیاردان:سەرکردە پەروەردەییەکان: ئەو کەسانەن کە دڵسۆزی کەسانی دیکەیان بەدەستهێناوە لە وەرگرتنی بەرپرسیارێتی کاریگەریکردن لەسەر چالاکیی و هەڵسوکەوتی تاکەکان لەڕێگەی بڕیاردان و دەرکردنی بڕیار بۆ گەیشتن بە ئامانجە خوازراوەکان (دەوانی،٢٠١٣:٤٥). توانای بڕیاردان:پرۆسەیەکی هۆشیار و قووڵی دەروونی کە بە شێوەیەکی سەرەکی بریتییە لە هەڵبژاردنی گونجاوترین بەدیلەکانی بەردەست بۆ چارەسەرکردنی کێشەیەک یان دەرچوون لە دۆخێک. (الزغلول و الزغلول،٢٠٠٣: ٣١٥)

**بەشی دووەم: چوارەچێوەی تیۆری توێژینەوەکە:**

**چەمکی بڕیاردان**

بڕیاردان وەک کێشەیەکی کارگێڕی پێناسە دەکرێت کە پێویستی بە چارەسەرێکی دیاریکراو هەیە، هەروەها دەبێت چەندین چارەسەر هەبێت بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی، کە باس و لێکۆڵینەوە و هەڵسەنگاندنیان بۆ دەکرێت تاوەکو گونجاوترین چارەسەر هەڵدەبژێردرێت (کنعان، ٢٠٠٧ ، ٣٦).

بڕیاردان پرۆسەیەکە کە نوێنەرایەتی دەکرێت لە هەڵبژاردن لە نێوان چەند بەدیلێکی هەبوودا کە پێویستیان بە شیکاری و لێکۆڵینەوەی هۆشیارانە بۆ چارەسەرکردنی کێشەکە (ساعاتي, ١٩٩٥, ١٦٤).

واتە ساتەوەختی هەڵبژاردنی بەدیلێکی دیاریکراوە دوای هەڵسەنگاندنی بەدیلەکانی جیاواز، بەپێی هەندێک چاوەڕوانی بڕیاردەر (1998,15,Harrison)، و بەمجۆرە بڕیاردان هەڵبژاردنی باشترین بەدیلەکانی بەردەستە دوای لێکۆڵینەوە لە ئەنجامە چاوەڕوانکراوەکان لە هەر بەدیلێک، و کاریگەرییەکانی لەسەر گەیشتن بە ئامانجە پێویستەکان، و پاشان هەڵبژاردنی باشترین و گونجاوترین لەم بەدیلانە بەپێی سروشتی دۆخەکە (1995,239,Kreitner).

ئەمەش بەو مانایەیە کە پرۆسەی بڕیاردان هەڵبژاردنە لە نێوان دوو بەدیل یان زیاتری ئەگەری بۆ هەڵبژاردنی باشترین و باشترین بەدیل بۆ گەیشتن بە ئامانجە خوازراوەکان (حقي, ٢٠٠٦, ٤٧).

**بە واتایەکی تر چەمکی بڕیاردان لەسەر ئەم توخمانە دامەزراوە:**

- دۆخێك یا كێشەیەك هەبێت پێویستی بە چارەسەر بێت.
- بوونی بەدیل بۆ کێشەکە، بەراوردێک لە نێوان بەدیلەکاندا دەکرێت.
- هەڵبژاردنی باشترین و گونجاو بەدیل بۆ چارەسەرکردنی کێشەکە دوای شیکردنەوە و لێکۆڵینەوە.
- کە بەدیلەکەی هەڵبژێردرا، ئامانجە پێویستەکان بەدەست دەهێنێت.

لە ژێر ڕۆشنایی ئەوانەی سەرەوە، لێکۆڵینەوەی ئێستا دەتوانێت چەمکی بڕیاردان پێناسە بکات وەک هەڵبژاردنی باشترین بەدیلەکانی بەردەست دوای ئەوەی بخرێنە ژێر شیکردنەوە و لێکۆڵینەوە، بۆ چارەسەرکردنی کێشەیەك کە هەیە ، بە مەبەستی گەیشتن بە ئامانجە خوازراوەکان.

**گرنگی بڕیاردان**

بڕیاردان بە یەکێک لە کارە سەرەکییەکانی بەڕێوەبەری دامەزراوەیەکی پێش قۆناغی چوونە قوتابخانە دادەنرێت، لێرەوە پرۆسەی بڕیاردان وەک تەرکیزی بەڕێوەبردنی قەیرانەکان وەسف کراوە، بڕی سەرکەوتن کە دامەزراوەیەکی پێش قۆناغی چوونە قوتابخانە بەدەستی دەهێنێت تا ڕادەیەکی زۆر بەندە بە توانا و لێهاتوویی سەرکردایەتییەکەیەوە بۆ بڕیاردانی گونجاو. ئەوەی گرنگی بڕیاردانی زیاتر کرد، بوونی ناکۆکی نێوان ئامانجەکانە هەندێک جار، بڕیاردان بە شێوەیەکی کردەیی هەموو لایەنەکانی ڕێکخستنی کارگێڕی لەخۆدەگرێت، هەروەها پەیوەندییەکی نزیکیشی بە هەموو لایەنەکانی ئۆپەراسیۆنە کارگێڕییە جیاوازەکانەوە هەیە وەک پلاندانان، ڕێکخستن، هەماهەنگی، بەدواداچوون، سیاسەتەکان، پەیوەندییەکان و شاندکردن (سعود، ٢٠٠٦، ٣٠).

بڕیاردان گرنگی بەدەست دەهێنێت بەهۆی دەستنیشانکردنی دەرئەنجامی ئەو شێواز و چوارچێوە و میکانیزمانەی کە ئامرازەکانی جێبەجێکردن دیاری دەکەن و ئەو کاریگەرییانەی کە لە ئەنجامی ئەوانەوە دێنە ئاراوە. بڕیارەکان لە کاتی قەیرانەکاندا تایبەتمەندییەکی جیاوازیان هەیە لە بڕیارەکان لە بارودۆخی ئاساییدا، وە زۆرێک لە بەڕێوەبەران سەرکەوتن بەدەست دەهێنن لە بڕیاردان لە بارودۆخی ئاساییدا، بەڵام ئەستەمە بۆ ئەوان هەمان کار لە کاتی قەیرانەکاندا ئەنجام بدەن (سعود، ٢٠٠٦، ١٤٩).

باشترکردنی توانای بڕیاردان لەهەرتەمەنێکدا بێت گرنگە،کەتاك لەهەمووچالاکیەکانی ژیاندا چەندین بڕیاریداوە، ئەمەش لەکۆی پرۆسەی بڕیاردان سیفەتێکی تایبەتە بەمرۆڤ کە عەقڵی هەیەو دەتوانێت بڕیار بدات ئەم سیفەتەش جیای ئەکاتەوە لەسەرجەم بونەوەرەکانی تر، بەم شێوەیە توانای تاك بۆ باشترکردنی بڕیارەکانی تاڕادەیەکی زۆر دەکەوێتە سەرتوانای بڕیاردانی گونجاو. سەرەتا چەمکی بڕیاردان لە ساڵی ( 1938) لە ڕێگەی کتێبی ئەرکەکانی بەڕێوەبەرانەوە دەرکەوت، پاشان لە ساڵی 1947 لە کتێبی(السلوك التنضيي)، ئەم چەمکە لەو کاتەدا سەری هەڵدا

گەشەسەندنێکی ڕاستەقینەی لە بیری کارگێڕی هاوچەرخدا دروست کرد. (العتیبي، ٢٠٠٩: ٥٤)

پرۆسەی بڕیاردان یەکێکە لە کارامەیی و زانیارییە گرنگەکان کە دەبێت لەبەردەستی بەڕێوەبەری قوتابخانە و یاریدەدەرەکانیدا بێت. لەو شوێنانەی کە پرۆسەی بڕیاردان نوێنەرایەتی تەرکیزی ئەو کارە سەرکردایەتی و کارگێڕییە دەکات کە لەلایەن بەڕێوەبەری قوتابخانە و یاریدەدەرەکانیەوە ئەنجام دەدرێن، وەک چۆن پرۆسەی بڕیاردان کاریگەری لەسەر هەموو ئەو پرۆسانە هەیە و کاریگەری لەسەرە کە لەڕێگەی ئامێری کارگێڕییەوە لەناو قوتابخانەدا پراکتیزە دەکرێن. هیچ کام لە پرۆسەکانی پێشوو پێویست ناکات بڕیار بدەن. هەروەها دەکرێ بڵێین: پرۆسەی بڕیاردان پەیوەندییەکی نزیکی بە زانین و بەڕێوەبردنەکەیەوە هەیە لەناو قوتابخانەدا. وەک چۆن پێناسەکردنی کێشەکە نوێنەرایەتی زانیاری دەکات، تێگەیشتن لێی و مامەڵەکردن لەگەڵیدا خۆی لە خۆیدا زانینە، و دەستنیشانکردنی بەدیلەکان زانیارییە، مامەڵەکردن لەگەڵیدا لە دڵی کاری بەڕێوەبردنی زانیندایە، هەڵسەنگاندنی بەدیلەکان پرۆسەیەکی وەرگرتنی بڕیارێک کە پەیوەندییەکی نزیک بە بەڕێوەبردنی مەعریفەوە هەبێت و سوودی لێ ببینێت و هەڵبژاردنی بەدیلێکی گونجاو بۆپرۆسەیەکی بڕیاردان کە پەیوەستە بە بەڕێوەبردنی زانست لەناو قوتابخانەدا وە جێبەجێکردنی بڕیارەکە پرۆسەیەکی بڕیاردان کە... پەیوەستە بە بەڕێوەبردنی زانستەوە، و دەتوانرێت بڵێین: پەیوەندییەکی نزیک لە نێوان توانای بڕیاردان لە قوتابخانە و بەڕێوەبردنی زانیاریدا هەیە؛ لەو شوێنانەی کە هیچ بڕیارێک بەبێ زانین هەبێت، نە زانین بەبێ توانای ئەو بڕیارە بابەتیی و بەرجەستەییە. (الدیحاني،٢٠١١: ٧٩-٨٠)

بڕیاری قەیران بڕیارێکە کە سروشتێکی ناوازەی هەیە کە جیاوازە لە بڕیارەکان لە بارودۆخی ئاساییدا، چونکە لە ماوەیەکی تاڕادەیەک کورتدا دەدرێت، بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی دۆخێک کە چاوەڕوان نەدەکرا ڕوویدات و ڕەهەند و کاریگەرییەکانی ڕوون نەبوون و بۆ دروستکردنی دەبێت داتای پێویست و شیکارییەکی ئارام و دارشتنی بەدیلێکی ورد هەبێت بۆ هەڵبژاردنی باشترین بەدیل لە نێوانیاندا، لێرەدا توخمەکانی سەرسوڕمان و کەمی کات و هەستکردن بە مەترسی کۆدەبنەوە و گرژییەکی زۆر دروست دەکەن و فشارەکان لەسەر بەڕێوەبەری دامەزراوەی قۆناغی پێش قوتابخانە وەک بڕیاردەرێک، هەروەها مامۆستایان وەک ئەندامانی بەڕێوەبردنی قەیرانەکان تیم. گرنگی بڕیاردان لە بەڕێوەبردنی قەیرانەکان لە دامودەزگاکانی پێش قۆناغی چوونەقوتابخانەدا لە خودی قەیرانەوە سەرچاوە دەگرێت، بەو پێیەی زۆرجار قەیرانەکان بە نەبوونی ڕوونی و دژواری خەملاندنی کاریگەرییەکانیان تایبەتمەندن، هەروەها پێویستی بە خێرایی و وردبینی، ئەمەش بڕیاردانی قەیرانەکان قورستر دەکات ، هەموو ئەمانە بڕیاردان بەمانەی خوارەوە تایبەتمەند دەکەن: میکانیزمەکانی بڕیاردان لە بەڕێوەبردنێکدا

**نادڵنیایی:** کە بابەتەکان سەریەک دەخەن، گرژی زیاد دەکات و فشار بۆ بڕیاردەر زیاد دەکات لە ئەنجامی ڕوودانی قەیرانەکە و پێویستی بڕیاردانی گونجاو سەبارەت بەو قەیرانە (سعود، ٢٠٠٦، ١٦٤).

- **ئاڵۆزی:** بەڕێوەبەری دامەزراوەیەکی پێش قوتابخانە ڕووبەڕووی گرفتێکی زۆر دەبێتەوە لە زانینی پەیوەندییەکانی نێوان گۆڕاوە جۆراوجۆرەکان و لایەنە بەشدارەکان لە قەیرانەکەدا، هەروەها پەیوەندییە ناجێگیرەکانی نێوانیان، جگە لە بوونی کۆمەڵێک هۆکاری ئاڵۆز و... ئەنجامەکان، و زانیاری ناڕوون.
- **دەستێوەردانی سۆزداری:** بەزۆری هەستەکان کاریگەرییان لەسەر بیرکردنەوەی بەڕێوەبەری دامەزراوەیەکی پێش قوتابخانە هەیە، زانیاری لەسەر قەیران بۆ هەندێک لە بەڕێوەبەرەکان بەقەد باشترکردنی وێنەی خۆیان لەبەردەم کەسانی تردا گرنگ نییە، بۆیە هەستەکانی مرۆڤ دەستوەردان دەکات لە بڕیارەکانی قەیران بەبێ گوێدانە مامەڵەکردن لەگەڵ... قەیران بە شێوەیەکی زانستی (فتحي, ٢٠٠١, ٢٤٥).
- **کارتێکەرە مرۆییەکان:** دامەزراوەکانی پێش قوتابخانە کارگێڕان و مامۆستایان و ژمارەیەکی زۆر منداڵ لەخۆدەگرن و بڕیاری قەیرانەکان ڕاستەوخۆ کاریگەری لەسەر دەبێت ژمارەی زۆری خەڵک، جا ئەرێنی بێت یان نەرێنی، و ئەمەش ڕەنگە یەکێک بێت لەو هۆکارانەی کە فشارەکان لەسەر بەڕێوەبەری دامەزراوەیەکی پێش قوتابخانە زیاد دەکات.

ئەو هۆکارانەی کاریگەرییان لەسەر بڕیاردان لە بەڕێوەبردنی قەیرانەکاندا هەیە.

## توێژینەوەکانی پێشوو:

### خشتەی (1):توێژینەوەی یەکەم

| | |
|---|---|
| ناونیشانی توێژینەوە | الذكاء وعلاقته بمهارة اختاذ القرار دراسة ميدانية على عينة من طالب جامعة دمشق |
| ناوی توێژەرو ساڵی توێژینەوە | المنصور ، ٢٠١٤-٢٠١٥ |
| ئامانجی توێژینەوە | 1-زانینی پەیوەندی نێوان ڕێژەی زیرەکی وتوانای بڕیاردان.<br>٢-زانینی جیاوازی نێوان خوێندکارانی زانستی و ووێژەیی لەڕێژەی زیرەکیان.<br>٣- زانینی جیاوازی نێوان خوێندکارانی زانستی و ووێژەیی لە توانایان بۆ بڕیاردان.<br>٤-زانینی توانای زیرەکی بەپێی گۆڕانی ڕەگەز.<br>٥-زانینی توانای بڕیاردان بەپێی گۆڕانی ڕەگەز.<br>٦-زانینی توانای زیرەکی بەپێی گۆڕانی ڕەگەز.<br>٧-زانینی توانی بڕیاردان بەپێی گۆڕانی ڕەگەز. |
| میتۆدی توێژینەوە | میتۆدی ئەزموونی بەکارهێناوە |
| کۆمەڵگەی توێژینەوە | کۆمەڵگەی توێژینەوەکە بریتییە ١٢٩٧٥ خوێندکاری کور و کچی بووە |
| نموونەی توێژینەوە | ٥٢١خوێندکاری کچ و کوری بەشێوەیەکی هەرەمەکی وەرگرتووە کە سەدە ٤ی کۆمەڵگەی توێژینەوەکە بووە |
| ئامرازی توێژینەوە | فۆرمی ڕاپرسی |
| ئامرازی ئاماری توێژینەوە | ئاماری spss ی بەکارهێناوە |
| گرنگترین دەرئەنجامی توێژینەوە | ١-پەیوەندیەکە هەمان مانای ئاماری دەگەیەنێ بەپێی توانای زیرەکی لەسەر پێوەری ڕافن بۆ زیرەکی و توانای بڕیاردان.<br>٢-هیچ پێوانەیەك نیە کەهەمان مانای ئاماری ئاماری هەبێت لەڕێژەی زیرەکی بەپێی جیاوازی لەنێوان لقەکانی زانستی و ویژەیی لە ئاستێکدا جێگای بایەخ بێت (٥%).<br>٣-هیچ پێوانەیەك نیەکەهەمان مانای ئاماری هەبێت لەڕێژەی زیرەکیدا بەپێی گۆڕاوی ڕەگەز لە ئاستێکداجێگەی بایەخ بێت (٥%).<br>٤-هەمان جیاوازی ئاماری هەیەلە ڕێژەی زیرەکیدا بەپێی جیاوازی تەمەن بەشێوەی جێگەی بایەخ (%٥).<br>٥-هیچ پێوانەیەك نیە کەهەمان مانای ئاماری هەبێت لەڕێژەی توانای بڕیاردان بەپێی جیاوازی لەنێوان لقەکانی زانستی و ووێژەیی بەڕێژەی بایەخ (٥%).<br>٦-هیچ پێوانەیەك نیە کە هەمان مانای ئاماری هەبێت لەڕێژەی توانای بڕیاردان بەپێی جیاوازی ڕەگەز بەڕێژەی بایەخ (٥%).<br>٧-هەمان جیاوازی ئاماری هەیە لەڕێژەی توانای بڕیارداندا بەپێی جیاوازی تەمەن بەڕێژەی بایەخ (%٥). |

### خشتەی (٢):توێژینەوەی هەشتەم

| | |
|---|---|
| ناونیشانی توێژینەوە | درجة إشراك مديري مديرات المدارس الثانوية المعلميهم في عمليةاتخاذ القرارمن وجهة نظرالمعلمين في دولةالكويت |
| ناوی توێژەرو ساڵی توێژینەوە | العجمي ، ٢٠٠٦ |
| ئامانجی توێژینەوە | ١-ڕێژەی بەشداری کردنی مامۆستایان لەکردەی بڕیاردانی کارگێڕی لەقوتابخانە ناوەندیەحکومیەکانی کوێت،لەدیدی مامۆستایاندا چەندە؟<br>٢-هیچ جیاوازیەك هەیە کەهەمان مانای ئاماری بدات بەدەستەوەئەگەر ئاستی گرنگی(α≤٠،٠٥) ڕێژەی بەشداری مامۆستایان لەکردەی بڕیاردانی کارگێڕی لەقوتابخانەناوەندیەحکومیەکانی کوێت بەپشت بەستن بە گۆڕاوی ڕەگەز؟<br>٣- هیچ جیاوازیەك هەیە کەهەمان مانای ئاماری بدات بەدەستەوەئەگەر ئاستی گرنگی(α≤٠،٠٥) ڕێژەی بەشداری مامۆستایان لەکردەی بڕیاردانی کارگێڕی لەقوتابخانەناوەندیەحکومیەکانی کوێت بەپشت بەستن بەبەدەستهێنراوی زانستی؟<br>٤-هیچ جیاوازیەك هەیە کەهەمان مانای ئاماری بدات بەدەستەوەئەگەر ئاستی گرنگی(α≤٠،٠٥) ڕێژەی بەشداری مامۆستایان لەکردەی بڕیاردانی کارگێڕی لەقوتابخانەناوەندیەحکومیەکانی کوێت بەپشت بەستن بەشارەزایی؟ |
| میتۆدی توێژینەوە | میتۆدی وەسفی بەکارهێناوە |
| کۆمەڵگەی توێژینەوە | هەموو مامۆستایانی قۆناغی ناوەندی لەقوتابخانە حکومیەکانی ووڵاتی کوێت |
| نموونەی توێژینەوە | توێژەرهەستابەوەرگرتنی نمونەکە بەشێوەیەکی هەڕەمەکی لە مامۆستایانی ژن وپیاوبەڕێژەی (١٠%) لەکۆمەڵگای توێژینەوەکە لەپارێزگاکانی کوێت،لەهەر پارێزگایەك دوو قوتابخانەی وەرگرت قوتابخانەیەک کوڕلەقتابخانەیەك کچ ژمارەی ئەوکەسانەی بڕگەکانی توێژینەوەکەیان بەسەردو جێبەجێ کرا بریتی بولە(٩١٠) مامۆستای ژن و پیاو. |
| ئامرازی توێژینەوە | فۆرمی ڕاپرسی |
| ئامرازی ئاماری توێژینەوە | ئاماری spss ی بەکارهێناوە |
| گرنگرین دەرئەنجامی توێژینەوە | ١-ئەوەی پەیوەستە بەوەڵامی پرسیاری یەکەمەوە ،دوای دەرهێنانی ناوەندی ژمێرەیی ولادانی پێوانەیی لەهەموو بوارەکاندا کەتیایدادەرکەوتوە ڕێژەی بەژداری مامۆستایان ڕێژەکەی بەرزە، بەتێکڕایی ژمێرەیی(٣،٥٠) لەبواری بڕیاردان تایبەت بەخوێندکاران.<br>٢-ئەنجامەکان تایبەت بەوەڵامی پرسیاری دووەم دەری دەخات کەجیاوازی هەیە لەمانای ئاماری کە ئاستی گرنگی (α≤٠،٠٥)بۆ بەشداری هەموو بوارەکان تایبەت بەڕەگەزو لەبەرژەوەندی نێر.<br>٣- ئەنجامەکان تایبەت بەوەڵامی پرسیاری سێیەم دەری دەخات کەجیاوازی هەیە لەمانای ئاماری کە ئاستی گرنگی (α≤٠،٠٥)بۆ بەشداری هەموو بوارەکان لەکردەی بڕیارداندا.<br>٤- ئەنجامەکان تایبەت بەوەڵامی پرسیاری چوارەم دەری دەخات کەجیاوازی هەیە لەمانای ئاماری کە ئاستی گرنگی (α≤٠،٠٥)بۆ بەشداری هەمووان لەکردەی بڕیارداندا،بۆگۆڕاوی شارەزایی،جیاوازیەکە لەبەرژەوەندی کەسانی خاوەن شارەزایی (١ ساڵ کەمترە لە ٥ ساڵ). |

### خشتەی (3):توێژینەوەی سێ یەم

| | |
|---|---|
| ناونیشانی توێژینەوە | ڕەفتاری سەرکردەیی لای بەڕێوەبەری قوتابخانە سەرەتاییەکان پەیوەندیان بەتوانای بڕیاردان |
| ناوی توێژەرو ساڵی توێژینەوە | ابراهيم ، ٢٠١٠ |
| ئامانجی توێژینەوە | ١.ئاستی هەڵسوکەوتی سەرکردایەتی بەڕێوەبەری قوتابخانە بنەڕەتییەکانی پارێزگای نەینەوا، بە دوو ڕەهەندی کار و پەیوەندی مرۆیی لە چ ئاستێکدایە؟<br>٢. ئاستی توانای بڕیاردانی بەڕێوەبەرانی قوتابخانە بنەڕەتییەکان لە پارێزگای نەینەوا لە ڕوانگەی خودی بەڕێوەبەرانەوە چ ئاستێکە؟<br>٣.پەیوەندی نێوان ڕەفتاری سەرکردایەتی و توانای بڕیاردان بۆ بەڕێوەبەرانی قوتابخانە سەرەتاییەکان لە ناوەندی پارێزگای نەینەوا، لەگەڵ دوو ڕەهەندی کار و پەیوەندییە مرۆییەکان چییە؟<br>٤. پەیوەندی نێوان هەڵسوکەوتی سەرکردایەتی و بڕیاردان لەنێوان بەڕێوەبەرانی قوتابخانە سەرەتاییەکان، بەپێی گۆڕاوی جێندەری چییە؟<br>٥. پەیوەندی نێوان ڕەفتاری سەرکردایەتی و توانای بڕیاردان لە قوتابخانە سەرەتاییەکاندا چییە، بەپێی گۆڕاوەی شوێنی جوگرافی؟<br>٦.پەیوەندی نێوان ڕەفتاری سەرکردایەتی و توانای بڕیاردان بۆ بەڕێوەبەرانی قوتابخانە بنەڕەتییەکان بەپێی گۆڕاوەی خزمەت لە کارگێڕیدا چییە؟ |
| میتۆدی توێژینەوە | میتۆدی ئەزموونی بەکارهێناوە |
| کۆمەڵگەی توێژینەوە | کۆمەڵگەی توێژینەوەکە بریتییە لە قوتانخانە سەرەتاییەکانی پارێزگای نەینەوا بۆ ساڵی خوێندنی(٢٠٠٩-٢٠١٠) |
| نموونەی توێژینەوە | کۆمەڵگەی توێژینەوەکە پێکهاتووەلە(١٤٠) بەڕێوەبەر بەشێوەیەکی هەڕەمەکی(٥٤)قوتابخانەی کچان و(٨٦)قوتابخانەی کوڕان کەدەکاتە(٣٠%) کۆمەڵگای بەڕێوەبەرەکان. |
| ئامرازی توێژینەوە | فۆرمی ڕاپرسی |
| ئامرازی ئاماری توێژینەوە | ئاماری spss ی بەکارهێناوە |
| گرنگترین دەرئەنجامی توێژینەوە | ١.جیاوازییەکی بەرچاو هەیە لە پێوانەکردنی ئاستی ڕۆڵی سەرکردایەتیت بە گشتی، واتە پەروەردەکاری قوتابخانەی بنەڕەتی ئاستێکی ڕەفتاری سەرکردایەتی ئەزموون نەکردووە.<br>٢.ئایا جیاوازییەکی بەرچاو هەیە لە پێوانەکردنی ئاستی توانای بڕیاردان بە گشتی، واتە بەڕێوەبەری قوتابخانە سەرەتاییەکان ئاستێکیان هەیە لە بڕیاردان.<br>٣. ئایا پەیوەندییەک هەیە لە نێوان ڕەفتاری سەرکردایەتی و بڕیاردان بۆ مامۆستایانی قوتابخانەی سەرەتایی؟<br>٤. جیاوازییەکی بەرچاو لە بەرژەوەندی پیاوان هەیە لە زانینی پەیوەندی نێوان هەڵسوکەوتی سەرکردایەتی و بڕیاردان بۆ مامۆستایانی قوتابخانەی بنەڕەتی، بەپێی گۆڕاوەی ڕەگەزی. J-<br>٥.جیاوازییەکی بەرچاو لە پێوانەکردنی جیاوازی پەیوەندی نێوان ڕەفتاری سەرکردایەتی و توانای بڕیاردانی بەڕێوەبەرانی قوتابخانە سەرەتاییەکان نییە، بەپێی گۆڕاوەی شوێنی جوگرافی.<br>٦. جیاوازییەکی بەرچاو هەیە لە بەرژەوەندی ئەوکەسانەی خزمەتیان (١٥) ساڵ یان زیاترە بۆ بەڕێوەبەرانی قوتابخانە سەرەتاییەکان و زیاتر لە پێوانەکردنی هەر جیاوازییەک لە پەیوەندی نێوان ڕەفتاری سەرکردایەتی و توانای بڕیاردان بۆ بەڕێوەبەرانی قوتابخانە بنەڕەتییەکان . |

### شیکارو بەراورد کردنی یوێژینەوەکانی پێشو

١-میتۆدی توێژینەوەکە: توێژینەوەی (المنصور ، ٢٠١٤-٢٠١٥)( ابراهيم ، ٢٠١٠) میتۆدی ئەزمونیان بەکار هێناوە بەڵام توێژینەوەی (العجمي ، ٢٠٠٦)میتۆدی وەسفی بەکار هێناوە،ئەم توێژینەوەیەی ئێستا میتۆدی وەسفی بەکار هێناوە.

٢-لەڕوی ئامانجی توێژینەوەکەوە: ئامانجیان جیاوازە توێژینەوەی (المنصور ، ٢٠١٤-٢٠١٥)

ا-زانینی پەیوەندی نێوان ڕێژەی زیرەکی وتوانای بڕیاردان.

ب-زانینی جیاوازی نێوان خوێندکارانی زانستی و وویژەیی لەڕێژەی زیرەکیان.

ج- زانینی جیاوازی نێوان خوێندکارانی زانستی و وویژەیی لە توانایان بۆ بڕیاردان.

وەتوێژینەوەی(العجمي ، ٢٠٠٦(

١-ڕێژەی بەشداری کردنی مامۆستایان لەکردەی بڕیاردانی کارگێڕی لەقوتابخانە ناوەندیەحکومیەکانی کوێت،لەدیدی مامۆستایاندا چەندە؟

٢-هیچ جیاوازیەك هەیە کەهەمان مانای ئاماری بدات بەدەستەوەئەگەر ئاستی گرنگی(٠،٠٥≥α) ڕێژەی بەشداری مامۆستایان لەکردەی بڕیاردانی کارگێڕی لەقوتابخانەناوەندیەحکومیەکانی کوێت بەپشت بەستن بە گۆڕاوی ڕەگەز؟

٣- هیچ جیاوازیەك هەیە کەهەمان مانای ئاماری بدات بەدەستەوەئەگەر ئاستی گرنگی(٠،٠٥≥α) ڕێژەی بەشداری مامۆستایان لەکردەی بڕیاردانی کارگێڕی لەقوتابخانەناوەندیەحکومیەکانی کوێت بەپشت بەستن بەبەدەستهێنراوی زانستی؟

هەروەها توێژینەوەی ( ابراهيم ، ٢٠١٠) ئامانجی

-زانینی ڕێژەی ڕۆڵی ئەو بڕیاردانەی کە دراون لەلایەن وەزارەتەوەوکاریگەری تەکنەلۆجیای زانیاری لەسەری.

- دیاری کردنی ئەو سودانەی بەدەست دێن دوای جێبەجێکردنی تەکنەلۆژیای زانیاری.

- زانینی باشی تەکنەلۆجیای زانیاری لە وەزارەت دوای وەرگرتنی نموونەی توێژینەوەی مەبەست دار.

بەڵام ئەم توێژینەوەیە جیاوازە ئامانجەکانی :

ئامانجی یەکەم: زانینی ئاستی توانای بڕیاردان لای بەرێوەبەرانی باخچە لە شاری سلێمانیدا بە شێوەیەکی گشتی.

ئامانجی دووەم: زانینی ئاستی توانای بڕیاردان لای بەڕێوەبەرانی باخچە(سامپڵی توێژینەوەکە) بەپێی گۆڕاوەکانی :- آ- ڕەگەز (نێر و مێ) ، ب- پەروەردە (ڕۆژهەڵات و ڕۆژئاوا) ، ج- جۆری باخچە (حکومی و ناحکومی) ، د- بڕوانامە (دبلۆم - بەکالۆریۆس) ، هـ- گۆڕاوی ساڵانی خزمەت.

٣-لەڕوی بەکارهێنانی ئامڕازی توێژینەوەکەوە: سەرجەم توێژینەوەکان فۆڕمی ڕاپرسیان بەکار هێناوەو ئەم توێژینەوەیەی ئێستاش هەمان فۆڕمی بەکار هێناوە.

٤-لەڕوی کۆمەڵگای توێژینەوەکەوە: کۆمەڵگای توێژینەوە (المنصور ، ٢٠١٤-٢٠١٥) بریتیە لە (١٢٩٧٥)،بەڵام کۆمەڵگای توێژینەوەی (العجمي ، ٢٠٠٦) بریتیە لە مامۆستایانی ژن وپیاوبەڕێژەی (١٠%) لەکۆمەڵگای توێژینەوەکە لەپارێزگاکانی کوێت،هەروەها کۆمەڵگای توێژینەوەکەی( ابراهيم ، ٢٠١٠)بریتیە لە لە قوتانخانە سەرەتاییەکانی پارێزگای نەینەوا،بەڵام کۆمەڵگای ئەم توێژینەوەیەبریتیە لە بەڕێوبەری باخچەی ساوایان لە پارێزگای سلێمانی کە (٨١) بەڕێوەبەرە.

٥-لەڕوی نمونەی توێژینەوەوە:نمونەی توێژینەوەکەی(المنصور ،( ٢٠١٤-٢٠١٥) بریتی بوو لە(٥٢١)خوێندکاری کچ و کور،وە نمونەی توێژینەوەکەی (العجمي ، ٢٠٠٦) بریتی بوو لە(٩١٠) مامۆستای ژن و پیاو، هەروەها نمونەی توێژینەوەکەی( ابراهيم ، ٢٠١٠)بریتی بوو لە(١٤٠) بەڕێوەبەر،بەڵام نمونەی ئەم توێژینەوەیەی ئێستا بریتیە لە(٦٦) بەڕێوەبەر.

٦-لەڕوی ئاماری توێژینەوەوە: سەرجەم توێژینەوەکان (spss) یان بەکار هێناوە ئەم توێژینەوەیەی ئێستاش هەمان ئاماری بەکار هێناوە.

## بەشی سێیەم: ڕێکارییەکانی توێژینەوەکە

### میتۆدی توێژینەوەکە

میتۆدی توێژینەوە ڕێگەیەکە کە توێژەر بەمەبەستی کۆکردنەوەی زانیاری و داتاکان و پاشان پۆلێنکردنیان شیکردنەوەیان، سوود لێوەرگرتنی لە توێژینەوەی زانستیدا دەیگرێتەبەر ( حسن، 1999 : 599 ) ( 188 – 187 : 1987. بۆ ئەوە مەبەستەش بۆ هێنانەدی ئامانجی توێژینەوەکە میتۆدی وەسفی پەسنی بەکارهاتووە، چونکە لەم جۆرە میتۆدە دا، لێکۆڵینەوە دەربارەی دیاردە جیاوازەکان دەکرێت، هەروەها دەرخستنی لایەنە ئاماژە بۆ کراوەکان و دیاریکردنی پەیوەندیی نێوان ڕەگەزە پێکهێنەرەکانی خودی دیاردەکە و دیاردە پەیوەندیدارەکانی دیکە(عبدالرحمن و عدنان، 2007: 143). کە سروشتی توێژینەوەکە وادەخوازێت ئەم میتۆدە بەکاربهێنرێت. ئەم جۆرە میتۆدە لە بڵاوترین جۆرەکانی توێژینەوەیە، کە بەکاردەهێنرێت بە ئامانجی دیاریکردنی دۆخی هەنووکەیی دیاردەیەکی دیاریکراو .

### کۆمەڵگەی توێژینەوەکە

کۆمەڵگەی توێژینەوەکە پێکهاتووە لەسەرجەم بەڕێوەبەران و مامۆستایانی باخچە حکومی و ناحکومییەکانی شاری سلێمانی بۆ ساڵی خوێندنی (٢٠٢١-٢٠٢٢)، کە بەردەوامن لە کارکردن و ژمارەیان (٨١)بەڕێوەبەر و (١٧) بەڕێوەبەر لە ڕەگەزی نێر و (٦٤) بەڕێوەبەر لە ڕەگەزی مێ،  وەك لەخشتەی (1) دا خراوەتەڕوو، توێژەر ئاماری بەڕێوەبەران  لەبەڕێوەبەرایەتی گشتی پەروەردەی سلێمانی وەرگرتووە.

**خشتەی (٤)**

**کۆمەڵگەی توێژینەوە**

| ژ | کۆمەڵگەی توێژینەوە | نێر | مێ | کۆ |
|---|---|---|---|---|
| ١ | بەڕێوەبەر | ١٧ | ٦٤ | ٨١ |

### نموونەی بنەڕەتی توێژینەوە

لە دوای گەڕان و بەدواداچوونی بە توێژینەوەکانی پێشوودا و کتێبەکانی میتۆدی زانستی و ڕاوێژکردن بە پسپۆر و شارەزایان توانرا ژمارەی نموونەی توێژینەوەکە دیاری بکرێت، نموونەی توێژینەوەکە بەشێوەیەکی هەڕەمەکی هەڵبژێردراوە، کە بریتییە لە (٦٦) بەڕێوەبەر لە باخچە حکومی و ناحکومییەکان لە هەردوو بەڕێوەبەرایەتی پەروەردەی ڕۆژئاوا و ڕۆژهەڵاتی پارێزگای سلێمانی بۆ پێوەری توانای بڕیاردان ، نموونەی توێژینەوە بەپێی گۆڕاوی بەڕێوەبەرایەتی، (٣٩) بەڕێوەبەر  سەر بەڕێوەبەرایەتی پەروەردەی ڕۆژئاوا بوون و (٢٧)بەڕێوەبەر سەر بە بەڕیوەبەرایەتی پەروەردەی ڕۆژهەڵات بوو، بەپێی گۆڕاوی جۆری باخچە،(٤٧) بەڕێوەبەر  و لە باخچە حکومییەکان بوون، لەکاتێکدا (١٩) بەڕێوەبەر  لە باخچەی ناحکومی بوون، بەپێی گۆڕاوی ڕەگەز(٥١) بەڕێوەبەر لە ڕەگەزی مێ بوو ، (١٥) بەڕێوەبەر  لە ڕەگەزی نێر بوون، بەپێی گۆڕاوی بڕوانامە، (٤٠) بەڕێوەبەر  هەڵگری بڕوانامەی بەکالۆریۆس بوون،(٢٦) بەڕێوەبەر   هەڵگری بڕوانامەی دبلۆم بوو، بەم شێوەیە نموونەی توێژینەوەکە

نوێنەرایەتی کۆمەڵگەی توێژینەوەکەی دەکرد و بەرێوەبەر ڕێژەی ٤٨. ٨١% کۆمەڵگەی توێژینەوەکەی پێکهێناوە، کە ژمارەیان (٨١) بەرێوەبەرە.

**ئامرازی توێژینەوەکە**

بۆگەیشتن بەئامانجەکانی توێژینەوەکە واپێویست بوو، کە توێژەر بۆ پێوانەکردنی هەریەك لە(توانای بڕیاردان و ڕەفتاری سەرکردەیی) پێوانەی گونجاو ئامادەبکات، هەروەك لە خوارەوە ڕوونکراوەتەوە.

فۆرمی ڕاوەرگری بۆ پێوەری توانای بڕیاردان

لەبەر نەبوونی پێوەریەکی گونجاو بەزمانی کوردی لە دوای گەڕان و بەدواداچوونەکانی توێژەردا بە سەرچاوەکان و توێژینەوەکانی پێشوودا بۆ گۆڕاوی (توانای بڕیاردان) توێژەر سوودی لە چەند سەرچاوەیەکی زمانی عەرەبی وەرگرتووە لە ئامادەکردنی پێوەرەکەدا، بۆ ئامادەکردنی پێوەرەکە توێژەر بە توێژینەوەکانی پێشووتردا چووەوە، کە پەیوەندیان بە گۆڕاوی(توانای بڕیاردان)ەوە هەیە، دواتر سوودی لە پێوەری (سلیم،٢٠٠٩) و ( صابر،١٩٩٤) وەرگرت، لە کۆی سوود وەرگرتن لەو توێژینەوانە توێژەر توانی (39) برگە دابڕێژێتەوە بە شێوەیەک، کە گونجاو بێت لەگەڵ ئامانج و سنووری توێژینەوەکەدا،دواتر بۆ گونجاندنی پێوەرکە لەگەڵ کۆمەڵگەی توێژینەوەکە چەند هەنگاوێک ئەنجام درا وەک :

**داڕشتنەوەی برگەکان**

توێژەر بۆ ئامادەکردنی برگەکانی پێوەرەکەی گەڕایەوە بۆتوێژینەوەکانی پێشووتر و توانی سوود لەدوو توێژینەوەی پێشووتر وەربگرێت، کەبریتیی بوون لە توێژینەوەکانی (سلیم،٢٠٠٩) و ( صابر،١٩٩٤ ) بۆ ئامادەکردنی پێوەرەکە.

شیکردنەوەی ئاماری بۆ برگەکانی پێوەری توانای بڕیاردان

بەمەبەستی دڵنیا بوون لە بوونی مەرجەکانی ڕاستگۆیی وجێگیری وتوانای جیاکاری لە نێوان برگەکانی پێوەری توانای بڕیاردان توێژەر شیکاری ئاماری بۆ سەرجەم برگەکانی پێوەرکە ئەنجامدا لە ڕێگەی ئەم هەنگاوانەی لای خوارەوە:

هاوکۆلکەی جیاکاری بۆ پێوەری توانای بڕیاردان برگەکانی پێوەرکە:

توێژەر هاوکۆلکەی جیاکاری بۆ برگەکانی دەرهێناوە بە پشت بەستن بەم هەنگاوانەی لای خوارەوە:

أ.ڕیزبەندی کردنی ئەو نمرانە، کە تاکەکانی نموونەی توێژینەوەکە بەدەستیان هێناوە، کە ژمارەیان (٦٦) مامۆستایە لە بەرزترین نمرە بۆ نزمترین نمرە.

ب.دابەشکردنی نمرەکانی نموونەی توێژینەوەکە بۆ دوو گروپ، گروپێك، کە زۆرترین نمرەیان بە دەستهێناوە بە ڕێژەی (27%)، کە ژمارەیان(١٨) مامۆستا بوو، گروپێك، کە کەمترین نمرەیان بە دەست هێناوە بە ڕێژەی (27%)کە ژمارەیان (١٨) مامۆستا بوو، دوورخستنەوەی ئەو گروپەی، کە ناوەندبوون.

ج.بەکارهێنانی تاقیکردنەوەی تائی بۆ دوو نموونەی سەربەخۆ ( T-test for two Independent samples ) بە بەکارهێنانی بەرنامەی ئاماری (SPSS) بۆ هەر برگەیەك، لە ئەنجامدا دەرکەوت،جگە برگەکانی (٨، ١٨، ٢٥، ٢٦، ٣٥)و سەرجەم برگەکانی تر پێوەری توانای بڕیاردان توانای جیاکاریان هەیە. وەك لە خشتەی ژمارە (2) خراوەتەڕوو.

**خشتەی(٥)**

**هاوکۆلکەی جیاکاری بۆ برگەکانی پێوەری توانای بڕیاردان**

| ژمارەی برگە | گروپی نمرە بەرزەکان | | گروپی نمرە نزمەکان | | نرخی تائی هەژمارک راو |
|---|---|---|---|---|---|
| | ناوەندی ژمێرەیی | لادانی پێوەری | ناوەندی ژمێرەیی | لادانی پێوەری | |
| 1 | 4.8889 | .32338 | 3.4444 | 1.50381 | 3.984 |
| 2 | 4.5556 | .51131 | 3.6667 | 1.02899 | 3.282 |
| 3 | 4.0556 | .93760 | 2.9444 | 1.47418 | 2.698 |
| 4 | 4.0556 | .87260 | 3.0556 | .93760 | 3.312 |
| 5 | 4.8889 | .32338 | 3.7778 | 1.35280 | 3.389 |
| 6 | 4.8889 | .32338 | 4.1111 | .67640 | 4.401 |
| 7 | 4.9444 | .23570 | 4.6111 | .60768 | 2.170 |
| 8 | 4.7778 | .42779 | 4.5556 | .51131 | 1.414 |
| 9 | 2.8333 | 1.15045 | 1.7778 | 1.11437 | 2.796 |
| 10 | 2.8333 | 1.38267 | 1.8333 | .85749 | 2.608 |
| 11 | 4.6667 | .48507 | 3.6111 | 1.09216 | 3.747 |
| 12 | 4.0556 | .80237 | 3.5000 | .61835 | 2.327 |
| 13 | 4.5556 | .61570 | 3.8889 | 1.07861 | 2.277 |

| | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|
| 14 | 4.1667 | .61835 | 2.9444 | .80237 | 5.119 |
| 15 | 4.8333 | .38348 | 3.5000 | 1.29479 | 4.189 |
| 16 | 4.9444 | .23570 | 3.3889 | 1.75361 | 3.730 |
| 17 | 4.9444 | .23570 | 3.3333 | 1.28338 | 5.238 |
| 18 | 2.8333 | 1.09813 | 2.6111 | .91644 | .659 |
| 19 | 4.7222 | .46089 | 4.0000 | .34300 | 5.333 |
| 20 | 4.2778 | .57451 | 3.2778 | .89479 | 3.990 |
| 21 | 4.8889 | .32338 | 3.8333 | 1.04319 | 4.100 |
| 22 | 4.5556 | .51131 | 3.7222 | .89479 | 3.431 |
| 23 | 4.6111 | .50163 | 3.7222 | .82644 | 3.901 |
| 24 | 4.6111 | .50163 | 3.2778 | 1.27443 | 4.130 |
| 25 | 2.0556 | .72536 | 1.8333 | .85749 | .839 |
| 26 | 3.1667 | 1.54349 | 2.4444 | 1.19913 | 1.568 |
| 27 | 4.5556 | .61570 | 3.6667 | .68599 | 4.091 |
| 28 | 4.2222 | .73208 | 2.2778 | 1.36363 | 5.330 |
| 29 | 4.5000 | .61835 | 3.3333 | 1.23669 | 3.580 |
| 30 | 4.2778 | .66911 | 3.3333 | .90749 | 3.554 |
| ٣١ | 4.7222 | .95828 | 3.2222 | 1.51679 | 3.547 |
| ٣٢ | 5.0000 | .00000 | 2.8333 | 1.61791 | 5.682 |
| ٣٣ | 4.7778 | .42779 | 4.0000 | 1.02899 | 2.961 |
| ٣٤ | 4.7222 | .46089 | 2.3889 | 1.37793 | 6.813 |
| ٣٥ | 3.3889 | 1.09216 | 2.8333 | 1.15045 | 1.486 |
| ٣٦ | 4.8333 | .38348 | 2.8889 | 1.96705 | 4.116 |
| ٣٧ | 4.9444 | .23570 | 3.9444 | 1.43372 | 2.920 |
| ٣٨ | 4.8333 | .38348 | 3.0000 | 1.81497 | 4.193 |
| ٣٩ | 4.8333 | .38348 | 3.3889 | 1.14475 | 5.076 |

پەیوەندی نمرەی هەر برگەیەك بە نمرەی گشتی پێوەرەكە:

بەمەبەستی دیاریکردنی پەیوەندی نمرەی هەر برگەیەك بە نمرەی گشتی پێوەری توانای بڕیاردان دواتر بەبەکارهێنانی هەگبەی ئاماری بۆزانستە کۆمەڵایەتیەکان (SPSS)هاوکۆلکەی پەیوەندی پێرسۆن(person) لەنێوان برگەکانی پێوەرکەدا بە کۆی گشتی پێوەرکەی دەرهێنرا، لە ئەنجامدا دەرکەوت، جگە بەبڕگەکانی (٨، ١٨، ٢٥، ٢٦، ٣٥)، سەرجەم هاوکۆلکەکانی برگەکانی تر بەڵگەداری ئاماریان هەبوو لە سەر ئاستی بەڵگەداری (0.05).

**خشتەی (٦)**

**هاوکۆلکەی پەیوەندی نمرەی هەر برگەیەک بە کۆی گشتی نمرەکانی پێوەری توانای بڕیاردان**

| ژمارەی برگە | هاوکۆلکەی پەیوەندی | ژمارەی برگە | هاوکۆلکەی پەیوەندی |
|---|---|---|---|
| 1 | 1 | ٢١ | .516** |
| 2 | .631** | ٢٢ | 0.٢31 |
| 3 | .492** | ٢٣ | 0.٣90 |
| 4 | .464** | ٢٤ | 0.213 |
| 5 | .667** | ٢٥ | 0.٠32 |
| 6 | 0.235 | ٢٦ | 0.034 |
| 7 | .333* | ٢٧ | 0.178 |
| 8 | -0.138 | ٢٨ | 0.218 |
| 9 | 0.323 | ٢٩ | 0.263 |
| 10 | 0.248 | ٣٠ | .434** |
| 11 | .382* | ٣١ | .363* |
| 12 | .357* | ٣٢ | 0.301 |
| 13 | 0.234 | ٣٣ | .674** |
| 14 | .601** | ٣٤ | .349* |
| 15 | .342* | ٣٥ | .431** |
| ١٦ | 0.180 | ٣٦ | .564** |
| ١٧ | .705** | ٣٧ | .764** |
| ١٨ | ٠.٠١٥ | ٣٨ | 0.٣٨١ |
| ١٩ | .399* | ٣٩ | .638** |
| ٢٠ | .694** | | |

**ڕاستی ڕواڵەتی ( Face-Validity):**

مەبەست لە ڕاستی ڕواڵەتی ئامرازی توێژینەوە، ئایا ئامڕازەکە لە ڕووکەش و ڕواڵەتدا تاچەند دیاردەکە دەپێوێت، بۆ ئەو مەبەستەش برگە و پرسیارەکان پشانی چەند کەسێکی پسپۆر و شارەزای بوارەکە دەدرێت، بۆ ئەوەی ڕای خۆیان لەسەر یەکە بە یەکەی دەربڕن، بۆدیاریکردنی ڕاستگۆی ڕواڵەتی توێژەر پەنای بردە بەر

ڕاوبۆچوونی شارەزایان، بۆ ئەو مەبەستە پێوەرکە خرایە بەردەست( ١١ )شارەزا و پسپۆڕی (ڕێگاکانی وانەوتنەوە و دەروونزانی پەروەردەیی)، داوایان لێکراوە ڕاو بۆچوونی خۆیان سەبارەت بەگونجاوی بڕگەکان و بژاردەکان دەربڕن وهەرگۆڕانکاریەك پێیان باشە پێشنیازی بکەن دوای کۆکردنەوەی فۆرمەکان،بەپێی بۆچوونی شارەزایان تەنها ئەو بڕگانە مانەوە، کە ڕێژەی ڕێککەوتن لەسەرمانەوەیان، یاخود لابردنیان(90%)بوو،بەم شێوەیەلە کۆی(٣٩ )بڕگە سەرجەمیان مانەوە سەرباری بوونی هەندێک تێبینی و چاککردنیان لەلایەن توێژەرەوە و ڕاستی گشتی فۆرمی ڕاوەرگری توانای بڕیاردان (٣٩) بوو.

**ڕاستگۆی وەرگێڕان**

بەمەبەستی دیاریکردنی ڕاستگۆی وەرگێڕان پێوەرەکە درا بەچەند شارەزایەکی زمانەوانی، پێوەرکە بە جیا درا بە شارەزایەکی زمانی عەرەبی، کە کوردی بە باشی دەزانێت بۆ ئەوەی پێوەرکە وەربگێڕێتە سەر زمانی کوردی، پاشان پێوەری کوردییەکە درا بەشارەزایەکی زمانی عەرەبی، کە کوردی باش دەزانێت بۆ ئەوەی پێوەر وەربگێڕێتە سەر زمانی عەرەبی . دواتر پێوەری عەرەبییە ( ئەسڵییەکە ) لەگەڵ پێوەری عەرەبییە ( وەرگێڕاوەکە ) درا بە پسپۆڕێکی دیکە بۆ ئەوەی ڕادەی لەیەکچوونی بڕگەکان دەستنیشان بکات بۆ دڵنیابوون لە ڕاستی وەرگێڕانەکە و بە لەبەر چاوگرتنی ڕای شارەزاکان بووە هۆی ئەنجامدانی چەند چاکارییەکی زمانەوانی سادە لە هەندێک لە بڕگەکانی پێوەرەکە لەنێوان پێوەرە بنەڕەتییەکە و پێوەرە وەرگێڕاوەکەدا، ئیدی بەم شێوەیە توێژەر دڵنیابۆوە لە ڕاستی وەرگێڕانی ئەو بڕگانەی پێوەرەکە، کە وەریگرتوون.

**جێگیری** Reliability :-

مەبەست لە جێگیری فۆڕم ڕادەی جێگیری نمرەکانی فۆرمی هەر تاکێکە لە ناو گروپێکی دیاریکراودا لە دووبارە تاقیکردنەوەییدا لە دوو ماوەی جیاوازدا بەهەمان فۆڕمی ڕاپرسی ( عباس، 22 :1996)، توێژەر بۆ دیاریکردنی جێگیری پێوانەکەی چەند ڕێگەیەکی بەکارهێنا وەك:-

یەکەم:ڕێگەی تاقیکردنەوە ودووبارە تاقیکردنەوە

لەم ڕێگەیەدا ئامڕازی توێژینەوەکە، دوو جار بەسەر هەمان نموونەدا جێبەجێ دەکرێتەوە بەمەرجێك ماوەی زەمەنیان لە(١٤)ڕۆژ کەمتر نەبێت، دواتر ئەو هاوکۆلکە پەیوەندییەی دەستمان دەکەوێت ڕادەی جێگیری پێوەرەکە نیشان دەدات، جێگیری پێوەرکە بەشێوازی (Test-retest)، بۆجاری یەکەم لەڕێکەوتی (٢٠٢٢/١٠/١٣) پێوەرەکە بەسەر (٢٥) بەرێوەبەر جێبەجێکرا، کە بەشێك بوون لەکۆمەڵگەی توێژینەوە، پێك هاتوون لەڕەگەزی نێر و مێ، دوای تێپەڕبوونی (١٨) ڕۆژ لەڕێکەوتی (٢٠٢٢/١٠/٣٠) دووبارە پێوەرکە لەسەر هەمان نموونە جێبەجێکرایەوە، دواتر پەیوەندی لەنێوان ئەنجامی یەکەم و دووەم لەڕێگەی هاوکۆلکەی پەیوەندی پێرسۆن(person) دۆزرایەوە، لەئەنجامدا دەرکەوت بەهای پەیوەندی نێوان ئەنجامدانی یەکەم و دووەم بریتیە لە(٠**892.)ئەمەش پەیوەندییەکی بەهێزە و ئاماژەیە بۆ ئەوەی، کە جێگیری پێوەرکە بەرزە.

**خشتەی ( ٧ )**

**هاوکۆلکەی جێگیری بۆ پێوەری توانای بڕیاردان**

| جێبەجێکردن | ناوەندی ژمێرەیی | لادانی پێوەری | هاوکۆلکەی جێگیری |
|---|---|---|---|
| یەکەم | 164.3000 | 3.18053 | ٠.892** |
| دووەم | 164.6500 | 3.09966 | |

دووەم: ڕێگەی ئەلفا-کرۆنباخ

جێگیری پێوەرکەی بەڕێگەی ئەلفا کرۆنباخ دۆزرایەوە، کەیەکێکە لەڕێگەکانی دەستنیشانکردنی گونجاندنی ناوەکی، پاش جێبەجێکردنی پێوەرەکە دەرکەوت،ڕێژەی جێگیری پێوەرەکە بریتییە لە(٠,٠943) ئەمەش جێگیرییەکی بەرزە.

**تایبەتمەندی پێوەری توانای بڕیاردان**

دوای ئەوەی ڕاستیی وجێگیری بۆ پێوەری(توانای بڕیاردان) دیاریکرد، پێوەرەکە بەشێوەی کۆتایی(39)بڕگەی مایەوە، بەشێوەیەکی گشتی بڕگەکان ڕوون بوون لەلای بەرێوەبەرانی باخچە و کاتی پێویست بۆ وەڵامدانەوە(6)خولەك بوو، هەروەها بژاردەکانی وەڵامدانەوە لەناوەڕۆکی بڕگەکان بەجۆری پێنج بژاردە داڕێژرابوو، واتە(5)بژاردە لەبەرامبەر بڕگەکان هەیە، کەبریتیین لە(هەمیشە، زۆرجار، هەندێکجار، کەمجار، هەرگیز)، بەهای بژاردەکان بریتیە لە(1،2،3،4،5)بەهەمان ڕیز بەندی بەرامبەر بڕگەنەرێنییەکان نمرەکان پێچەوانە دەبنەوە..

**ئامرازەکانی ئامار:**

- سود لە پرۆگرامی (SPSS) هەگبەی ئاماری بۆ زانستە کۆمەڵایەتیەکان ڤێرژنی(٢٥) وەرگیراوە بۆ بەکار هێنانی ئەم ئامرازە ئامارییانەی خوارەوە:

1. تاقیکردنەوەی(t)بۆیەك نموونە(One Sample T-Test).

$$T.test = \frac{X - +M}{\frac{A}{\sqrt{N}}}$$

2. تاقیکردنەوەی(t)تائی بۆ دوو نموونەی سەربەست( Independent Sample T-Test)

$$T.test = \frac{X_1 + X_2}{\sqrt{\frac{(n_1-1)A_1^2}{n_1+n_2-2} + \frac{(n_2-1)A_2^2}{n_1+n_2-2} * \left(\frac{1}{n_1}+\frac{1}{n_2}\right)}}$$

3. هاوکێشەی ئەنۆڤا(One way ANOVA).

$$SS = \sum (X - X^-)^2 = \sum X^2 - \frac{(\sum X)^2}{N}$$

4. هاوکۆلکەی پەیوەندی پێرسۆن ( Person Correlation Coefficient)

$$r = \frac{\sum XY - \frac{(\sum x)(\sum y)}{n}}{\sqrt{[\![\sum_X 2 - \frac{(\sum X)^2}{n}]\!] * [\![\sum_Y 2 - \frac{(\sum Y)^2}{n}]\!]}}$$

5. ئەلفا-کرۆنباخ (Cranach's Alpha)

$$A = \left(\frac{K}{K-1}\right) * \left(1 - \frac{\sum_i^k = 1 S_i^2}{S_t^2}\right)$$

(الجادری،288:2007)

**بەشی چوارەم: خستنەرووی ئەنجامەکان و شیکردنەوەیان**

ئەم بەشە تایبەتە بە شیکردنەوەی داتاکان و خستنەرووی ئەنجامەکان بە گوێرەی ڕیزبەندی ئامانجەکانی توێژینەوە کە لە بەشی یەکەمی توێژینەوەکەدا دیاری کراوە و ڕاڤەکردنیان .

**ئامانجی یەکەم:** زانینی ئاستی توانای بڕیاردان لای بەڕێوەبەرانی باخچەی منداڵان لە شاری سلێمانیدا بە شێوەیەکی گشتی.

دوای کۆکردنەوەی داتاکان و بەکارهێنانی تاقیکردنەوەی تائی (T-test) بۆ یەک نموونە بە بەکارهێنانی بەرنامەی ئاماری (SPSS)، لە ئەنجامدا دەرکەوت، کە نرخی (t) هەژمارەکراو (١٧,٠٩) گەورەترە لە نرخی (t) خشتەیی، کە (1.96) بوو بە نمرەی ئازادی (٦٥) لە ئاستی بەڵگەداری (0.05)، هەروەک لە خشتەی (5) ڕوونکراوەتەوە، واتە جیاوازی بەڵگەداری ئاماری بەدیدەکرێت، ئەمەش ئەوە دەردەخات، کە توانای بڕیاردان لە ئاستێکی بەرزدایە .

**خشتەی (٨)**

**ئەنجامەکانی تاقیکردنەوەی تائی ( یەک نموونە ) بۆ نمرەکانی بەڕێوەبەرانی باخچەی منداڵان لە شاری سلێمانیدا بە شێوەیەکی گشتی بۆ پێوەری توانای بڕیاردان**

| نموونە | ناوەندی ژمێرەیی | لادانی پێوەریی | ناوەندی گریمانەیی | نمرەی ئازادی | بەهای تائی | | ئاستی بەڵگەداری 0.05 |
|---|---|---|---|---|---|---|---|
| | | | | | هەژمارکراو | خشتەیی | |
| 66 | 137.2121 | 16.84455 | 105 | ٦٥ | ١٧,٠٩ | 1.96 | بەڵگەدارە |

وەک لە خشتەی ژمارە (5) دا دەردەکەوێت، بەهای (t) هەژمارکراو یەکسانە بە (١٧,٠٩) بەهای (t) خشتەیی یەکسانە (1.96) و نمرەی ئازاد یەکسانە (٦٥) لە ئاستی بەڵگەداری (0.05) دایە. لەبەر ئەوەی، کە بەهای(t) هەژمارکراو (١٧,٠٩) گەورەترە لە بەهای (t) خشتەیی (1.96) ، بەم جۆرە دەردەکەوێت، کە ئاستی توانای بڕیاردان لای بەڕێوەبەرانی باخچەی منداڵان (نموونەی توێژینەوەکە) بە شێوەیەکی گشتی لە ئاستێکی بەرزدایە، توێژەر هۆکاری ئەم ئەنجامە دەگەڕێنێتەوە بۆ ئەوەی داتاکانی نموونەی توێژینەوەکەخاوەندارێتی ئاڕاستەیەکی پۆزەتیف دەکەن بەرامبەر

چەمکی توانای بڕیاردان ئەمەش هاوتایە لەگەڵ ئەنجامی توێژینەوەکانی(ابراهیم،٢٠١١) (مسلم،٢٠١٢)

**ئامانجی دووەم:** أ- زانینی ئاستی توانای بڕیاردان لای بەرێوەبەرانی باخچە (نموونەی توێژینەوە) بەپێی گۆڕاوی ڕەگەزی (نێر و مێ).

بۆ زانینی ئەم جیاوازییە توێژەر ناوەندی ژمێرەیی و لادانی پێوەریی بۆ نمرەکانی ڕەگەزی نێر و مێ لای بەرێوەبەرانی باخچەی منداڵان لەسەر پێوەری توانای بڕیاردان دەرهێنا، پاشان بە بەکارهێنانی تاقیکردنەوەی تائی (T-test) بۆ دوو نموونەی سەربەخۆ بەپشت بەستن بەبەرنامەی ئاماری (SPSS)، دەرکەوت نرخی بەهای( t )ی ئەژمارکراو یەکسانە بە (.657٠) بەنمرەی ئازاد (٦٤)، لەسەر ئاستی بەڵگەداری (0.05)، وەک لەخشتەی ژمارە(6) خراوەتەڕوو.

**خشتەی(٩)**

**ئەنجامی تاقیکردنەوەی تائی (t) (دوو نموونە) بۆ نمرەکانی بەرێوەبەرانی باخچە(نموونەی توێژینەوە) لەسەر پێوەری توانای بڕیاردان بەپێی گۆڕاوی ڕەگەزی (نێر و مێ)**

| ڕەگەز | ژمارە | ناوەندی ژمێرەیی | لادانی پێوەریی | ناوەندی گریمانەیی | نمرەی ئازاد | بەهای تائی | | ئاستی بەڵگەداری 0.05 |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| | | | | | | هەژمارکراو | خشتەیی | |
| نێر | 15 | 139.7333 | 13.48262 | 105 | ٦٤ | .657٠ | 1.96 | بەڵگەدار نییە |
| مێ | 51 | 136.4706 | 17.76215 | | | | | |

وەک لەخشتەی ژمارە (6) دا دەردەکەوێت، بەهای(t) هەژمارکراو یەکسانە (.657٠) و بەهای خشتەیی یەکسانە(1.96) و نمرەی ئازاد یەکسانە بە(٦٤) لە ئاستی بەڵگەداری (0.05) دایە، لەبەرئەوەی بەهای (t) هەژمارکراو بچوکترە لەبەهای خشتەیی، بەم جۆرەش دەردەکەوێت، کە جیاوازی بەڵگەداری نییە لەنێوان ناوەندی ژمێرەیی نمرەکانی ڕەگەزی نێر و مێ لای بەرێوەبەرانی باخچە لەسەر پێوەری توانای بڕیاردان بەپێی گۆڕاوی ڕەگەز، توێژەر پێی وایە بەشێک لە هۆکارەکەی ئەم ئەنجامە دەگەڕێتەوە بۆ نزیکی و هاوتایی بیرکردنەوە و تیروانینی هەردوو ڕەگەز نێر و مێ لە بەرێوەبەرانی باخچەی منداڵان، کەواتە ڕەگەزی تاکەکانی نموونەی توێژینەوەکە هیچ کاریگەری نییە لەسەر پێوەری توانای بڕیاردان ، کە ئەمەش هاوشێوەیە لەگەڵ توێژینەوەکانی (الدیحاني،٢٠١١) .

ب- بەپێی گۆڕاوی پەروەردە (ڕۆژهەڵات و ڕۆژئاوا).

بۆ زانینی ئەم جیاوازییە توێژەر ناوەندی ژمێرەیی و لادانی پێوەریی بۆ نمرەکانی پەروەردەی (ڕۆژهەڵات و ڕۆژئاوا)لای بەرێوەبەرانی باخچەی منداڵان لەسەر پێوەری توانای بڕیاردان دەرهێنا، پاشان بە بەکارهێنانی تاقیکردنەوەی تائی (T-test) بۆ دوو نموونەی سەربەخۆ بەپشت بەستن بەبەرنامەی ئاماری (SPSS)، دەرکەوت نرخی بەهای( t )ی هەژمارکراو (٠,٤٢٤ ) بەنمرەی ئازاد (٦٤)، لەسەر ئاستی بەڵگەداری (0.05).

**خشتەی(١٠)**

**ئەنجامی تاقیکردنەوەی تائی (T-test) (دوو نموونە) بۆ نمرەکانی بەرێوەبەرانی باخچەی منداڵان(نموونەی توێژینەوە) لەسەر پێوەری توانای بڕیاردان بەپێی گۆڕاوی پەروەردەی (ڕۆژهەڵات و ڕۆژئاوا).**

| بەڕێوەبەرایەتی پەروەردە | ژمارە | ناوەندی ژمێرەیی | لادانی پێوەریی | ناوەندی گریمانەیی | نمرەی ئازادی | بەهای تائی | | ئاستی بەڵگەداری 0.05 |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| | | | | | | هەژمارکراو | خشتەیی | |
| ڕۆژهەڵات | 27 | 136.1481 | 17.95015 | 105 | ٦٤ | .424٠ | 1.96 | بەڵگەدارە |
| ڕۆژئاوا | 39 | 137.9487 | 16.23341 | | | | | |

وەک لەخشتەی ژمارە (7) دا دەردەکەوێت، بەهای(t) ئەژمارکراو یەکسانە (٠,٤٢٤)و بەهای خشتەیی یەکسانە(1.96) و نمرەی ئازاد یەکسانە بە(٦٤) و لە ئاستی بەڵگەداری0.05) (دایە، لەبەرئەوەی بەهای (t) هەژمارکراو بچووکترە لەبەهای خشتەیی، بەم جۆرەش دەردەکەوێت، کە جیاوازی بەڵگەداری نییە لەنێوان ناوەندی ژمێرەیی نمرەکانی بەرێوەبەرانی باخچەی منداڵان لەسەر پێوەری توانای بڕیاردان بەپێی گۆڕاوی پەروەردە(ڕۆژهەڵات و ڕۆژئاوا)کەلای مامۆستایانی پەروەردەی ڕۆژئاوا بەرزترە، هۆکاری بوونی ئەمە دەگەڕێنێتەوە بۆ جیاوازی تاکایەتی لای ئەندامانی نمونەی توێژینەوەکە کەخاوەنداریێتی تێڕوانین و بیرو باوەڕی جیاواز دەکان دەربارەی چەمکی توانای بڕیاردان.

ج- بەپێی گۆڕاوی باخچە (حکومی و ناحکومی).

بۆ زانینی ئەم جیاوازییە توێژەر ناوەندی ژمێرەیی و لادانی پێوەریی بۆ نمرەکانی باخچەی حکومی و ناحکومی لای بەرێوەبەرانی باخچەی منداڵان لەسەر پێوەری توانای بڕیاردان دەرهێنا، پاشان بە بەکارهێنانی تاقیکردنەوەی تائی (T-test) بۆ دوو

نموونەی سەربەخۆ بەپشت بەستن بە بەرنامەی ئاماری (SPSS)،دەرکەوت نرخی بەهای( t )ی هەژمارکراو (١٧٦٠ .) بەنمرەی ئازادی (٦٤)، لەسەر ئاستی بەڵگەداری (0.05)، وەک لەخشتەی ژمارە(8) خراوەتەڕوو.

## خشتەی(١١)

**ئەنجامی تاقیکردنەوەی تائی (T-test) (دوو نموونە) بۆ نمرەکانی بەڕێوەبەرانی باخچەی منداڵان (نموونەی توێژینەوە) لەسەر پێوەری توانای بڕیاردان بەپێی گۆڕاوی باخچەی (حکومی و ناحکومی)**

| جۆری باخچە | ژمارە | ناوەندی ژمێرەیی | لادانی پێوەریی | ناوەندی گریمانەیی | نمرەی ئازاد | بەهای تائی هەژمارکراو | بەهای تائی خشتەیی | ئاستی بەڵگەداری 0.05 |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| حکومی | ٤٧ | 136.9787 | 16.89287 | ١٠٥ | ٦٤ | . 176٠ | 1.96 | بەڵگەدار نییە |
| ناحکومی | ١٩ | 137.7895 | 17.17097 | | | | | |

وەک لەخشتەی ژمارە (8) دا دەردەکەوێت، بەهای(t) هەژمارکراو یەکسانە (. 176٠)و بەهای (t) خشتەیی یەکسانە(1.96) و نمرەی ئازاد یەکسانە بە(٦٤)، و بەهای بەڵگەداری (. 176٠) و لە ئاستی بەڵگەداری (0.05) دایە، لەبەرئەوەی بەهای (t) هەژمارکراو بچوکترە لەبەهای خشتەیی، بەم جۆرەش دەردەکەوێت، کە جیاوازی بەڵگەداری نییە لەنێوان ناوەندی ژمێرەیی نمرەکانی حکومی و ناحکومی لای بەڕێوەبەرانی باخچە لەسەر پێوەری توانای بڕیاردان بەپێی گۆڕاوی باخچەی (حکومی و ناحکومی)، توێژەر هۆکاری نەبوونی ئەو جیاوازییە دەگەڕێنێتەوە بۆ نزیکی ئاستی بیرکردنەوەی بەڕێوەبەرانی و تێڕوانینیان بۆ پێوەری توانای بڕیاردان .

د- بەپێی گۆڕاوی بڕوانامەی (دبلۆم - بەکالۆریۆس).

بۆ زانینی ئەم جیاوازییە توێژەر ناوەندی ژمێرەیی و لادانی پێوەریی بۆ نمرەکانی بڕوانامەی (دبلۆم-بەکالۆریۆس) لای بەڕێوەبەرانی باخچەی منداڵان لەسەر پێوەری توانای بڕیاردان دەرهێنا، پاشان بە بەکارهێنانی تاقیکردنەوەی تائی (T-test) بۆ دوو نموونەی سەربەخۆ بەپشت بەستن بەبەرنامەی ئاماری (SPSS)، دەرکەوت نرخی بەهای( t )ی هەژمارکراو یەکسانە بە (**1.063**) بەنمرەی ئازاد (٦٤)، لەسەر ئاستی بەڵگەداری (0.05)،وەک لەخشتەی ژمارە(9) خراوەتەڕوو.

## خشتەی(١٢)

**ئەنجامی تاقیکردنەوەی تائی (T-test) (دوو نموونە) بۆ نمرەکانی بەڕێوەبەرانی باخچەی منداڵان(نموونەی توێژینەوە) لەسەر پێوەری توانای بڕیاردان بەپێی گۆڕاوی بڕوانامەی (دبلۆم-بەکالۆریۆس).**

| بڕوانامە | ژمارە | ناوەندی ژمێرەیی | لادانی پێوەریی | ناوەندی گریمانەیی | نمرەی ئازادی | بەهای تائی هەژمارکراو | بەهای تائی خشتەیی | ئاستی بەڵگەداری 0.05 |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| دبلۆم | 26 | 139.9615 | 17.16387 | 105 | ٦٤ | 1.063 | 1.96 | بەڵگەدار نییە |
| بەکالۆریۆس | 40 | 135.4250 | 16.60536 | | | | | |

وەک لەخشتەی ژمارە (9) دا دەردەکەوێت، بەهای(t) هەژمارکراو یەکسانە (**1.063**) و بەهای (t) خشتەیی یەکسانە(1.96) و نمرەی ئازاد یەکسانە بە(٦٤) و لە ئاستی بەڵگەداری (0.05) دایە، لەبەرئەوەی بەهای (t) هەژمارکراو بچووکترە لەبەهای خشتەیی، بەم جۆرەش دەردەکەوێت، کە جیاوازی بەڵگەداری نییە لەنێوان ناوەندی ژمێرەیی نمرەکانی بەڕێوەبەرانی باخچەی منداڵان لەسەر پێوەری توانای بڕیاردان بەپێی گۆڕاوی بڕوانامە (دبلۆم – بەکالۆریۆس) هۆکاری ئەم ئەنجامەش دەگەڕێتەوە بۆئەوەی بەڕێوەبەرانی خاوەن دبلۆم بن یا خود بەکالۆریۆس جیاوازی نیە لە تێوانیاندالەتێبینی کردنی توانای بڕیاردان لە باخچەکاندا ئەمەش ئاماژەیەبۆدڵسۆزی بەڕێوەبەران لە پیشەکەیان وبەدی هێنانی ئامانجە فێرکاریە پەروەردەییەکاندا،ئەم ئەنجامەش پێچەوانەیە لەگەڵ ئەنجامی توێژینەوەی (طلحان،٢٠٢٠).

ه- بەپێی گۆڕاوی ساڵانی خزمەت.

بۆ زانینی جیاوازی نمرەکانی بەڕێوەبەرانی باخچەی منداڵان بەپێی گۆڕاوی ساڵانی خزمەت لەسەر پێوەری توانای بڕیاردان ، توێژەر شیکاری جیاوازی یەک ئاراستە (تحليل التباين الاحادى) (anova one way) بەکارهێنا. بەپشت بەستن بە بەرنامەی ئاماری (SPSS).

## خشتەی(١٣)

**ئەنجامی شیکاری یەك ئاراستە (ANOVA) بۆ نمرەکانی بەڕێوەبەرانی باخچەی منداڵان لەسەر پێوەری توانای بڕیاردان بەپێی گۆڕاوی ساڵانی خزمەت.**

| سەرچاوەی جیاوازی | کۆی ناوەندی ژمێرەیی | نمرەی ئازادی | دووجای ناوەندی ژمێرەیی | بەهای فائی F | بەهای بەڵگەداری Sig | ئاستی بەڵگەداری 0.05 |
|---|---|---|---|---|---|---|
| لە نێوان کۆمەڵەکاندا | 928.773 | 3 | 309.591 | 1.096 | 358٠. | بەڵگەدار نییە |
| لە ناو گروپەکاندا | 17514.257 | 62 | 282.488 | | | |
| کۆی گشتی | 18443.030 | 65 | | | | |

وەک لە خشتەی ژمارە (10) دا دەردەکەوێت، بەهای (**1.096** )(f) و بەهای بەڵگەداری (**3580.**٠)، بەنمرەی ئازاد (٦٢) و لە ئاستی بەڵگەداری (0.05) دایە . لەبەرئەوەی بەهای بەڵگەداری (**3580.**٠)گەورەترە لە ئاستی بەڵگەداری بەم شێوەیە دەردەکەوێت، کە جیاوازی بەڵگەداری ئاماری نییە لەنێوان ناوەندی ژمێرەیی نمرەکانی ساڵانی خزمەت لای بەڕێوەبەرانی باخچەی منداڵان لەسەر پێوەری توانای بڕیاردان بەپێی گۆڕاوی ساڵانی خزمەت. کەواتە ساڵانی خزمەتی تاکەکانی نموونەی توێژینەوەکە هیچ کاریگەری نەبووە لەسەر پێوەری توانای بڕیاردان ، بەڕای توێژەر هۆکاری نەبوونی جیاوازی دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی، کە تاکەکانی نموونەی توێژینەوە ساڵانی خزمەتی پیشەییان هەرچەند بێت جیاوازی دروست نەکردووە لە تێڕوانینەکانیان دەربارەم توانای بڕیاردان و ڕەنگە هۆکاری ئەمەش بگەڕێتەوە بۆ نزیکی ژمارەی ساڵانی خزمەتی تاکەکانی نموونە.

## دەرئەنجامەکان

لە کۆتایدا توێژینەوەکە گەیشتە ئەم دەرنجامانەی لای خوارەوە :-

1-ئاستی توانای بڕیاردان لای بەرێوەبەرانی باخچە بە شێوەیەکی گشتی لەئاستێکی بەرز دایە.

2- آ- نەبوونی جیاوازی بەڵگەداری ئاماری لەئاستی توانای بڕیاردان لای بەرێوەبەرانی بەپێی گۆڕاوی ڕەگەز (نێر و مێ(.

ب-بوونی جیاوازی بەڵگەداری ئاماری لەئاستی توانای بڕیاردان لای بەرێوەبەرانی باخچە بەپێی گۆڕاوی پەروەردە(ڕۆژهەڵات و ڕۆژئاوا)، کە لەلای مامۆستایانی پەروەردەی ڕۆژهەڵات لە ئاستێکی بەرزدایە.

ج-نەبوونی جیاوازی بەڵگەداری ئاماری لەئاستی توانای بڕیاردان لای بەرێوەبەرانی بەپێی گۆڕاوی باخچە(حکومی و ناحکومی(.

د-نەبوونی جیاوازی بەڵگەداری ئاماری لەئاستی توانای بڕیاردان لای بەرێوەبەرانی باخچە بەپێی گۆڕاوی بڕوانامە(دبلۆم - بەکالۆریۆس).

ه-نەبوونی جیاوازی بەڵگەداری ئاماری لەئاستی توانای بڕیاردان لای بەرێوەبەرانی باخچە بەپێی گۆڕاوی ساڵانی خزمەت.

## سەرچاوەکان

1- الديحاني،سلطان(٢٠١١)،تقييم مدى استخدام مديري مدارس التعليم العام في دولة الكويت لمهارات ادارة العرفةواساليب اتخاذ القراروالمعرفة بينهما من وجهة نضر مديرين المساعدين،مجلةدراسات الخليج والجزيرةالعربية-العدد ١٤٨.

2- كنعان،نواف(٢٠٠٧)،اتخاذالقرارات الادارية بين النضرية والتطبيق، ط٢، عمان: دارالثقافةللنشروالتوزيع.

3- ساعاتي،امين(١٩٩٥)،الادارةالعامة في المملكةالعربية السعودية ،ط٢،جدة:دارالشروق.

4- حقي،زينب(٢٠٠٦)،الادارةومتغيرات العصربين النضريةو التطبيق، القاهرة مكتبة عين الشمس.

5- سعود،خالد (٢٠٠٦)،اتخاذ القرارات في ضروف الازمات،الرياض.

6- فتحي،محمد(٢٠٠١)،الخروج من المآزق فن إدارة الازمات،القاهرة:دارالتوزيع والنشر الإسلامية.

7- العدواني،العازمي(٢٠١٨)،مهارات اتخاذ القرارلدى طلبة التربية الخاصةب كلية التربية الاساسيةبدولةالكويت وعلاقتها ببعض التغيرات،مجلة١٩،كويت.

8- الصيرفي،محمد(٢٠٠٥)،مبادىء التسويق،الاسكندريةمؤسسةحورس الدولية.

9- الزغلول ، الزغلول(2003)، علم النفس المعرفي،دار الشروق للنشر و التوزيع، عمان ط1 ،الاردن.

10- Harrison, dhirley(1998),disesters and the media:managing crisis communications.London:macmillan press .

11- Kreinter,Robert(1995),management,boston,Houghton Mifflin company.

12- KAHNEMAN, Daniel, and Amos TVERSKY, 2000. Choices, Values, and Frames. Cambridge University Press

**Abstract**

The aim of this study is to know the level of decision making by kindergarten managers at Sulaimani Province in general as well as the level of their decision making skills as per the changing variables like: a.gender, b- the education directorate of east and

west c.kind of kindergarten (private or public)d.certificate (diploma or BA)e.Service year.

To achieve these goals, the researcher used descriptive approach since it suits the objective and nature of the study. The sample of the study comprises of all the kindergartens for the academic year (2022-2023). The number of the managers consists of (81) but the sample is (66) managers both males and females who have been chosen randomly. The tool of the study is survey for the decision making variable which consists of (39) items by benefiting previous studies. The researcher has prepared the tool, the most important statistical analysis tools are coefficient correlation, Pearson coefficient correlation, T-test and ANOVA. After validating the tools, the survey distributed among the sample population comprised of (66) managers among the kindergartens. To get the required results, SPSS statistical tool has been applied and the following conclusions have been drawn:

1-The level of decision making skills is high

2. The lack of decisive evidence of statistical difference between males and females.

3. The presence of differential evidence at the level of decision making of the kindergarten managers in the variables of education (east and west) since it is high in east education directorate .

4. The lack of differential evidence on decision making of the kindergarten managers as per the variable of kindergarten (public and privat).

5. The lack of statistical evidence at the level of decision making on part of kindergarten managers holding Diploma and BA degrees.

6. The lack of statistical evidence measures on the level of decision making of kindergarten mangers as per the service year variable .